# نۆژەنکردنەوەی هێڵی نەوتی کەرکوك و سوریا

**فەرهاد هەمزە محەمەد**



هێڵی ناردنە دەرەوەی کەرکوك - سوریا یەکەمین هێڵە لە نێوان عێراق و وڵاتانی دەورو بەرەوە راکێشرابێت و نەوتی لێوە ڕەوانەی دەرەوە کرابێت، ئەم هێڵە سەرەتا بریتی بوو لە لولەیەکی ١٢ ئینجی و لە کانونی دوەمی ساڵی ١٩٣٥ بە ڕەسمی لەلایەن مەلیك غازی یەوە کرایەوە درێژی هێڵەکە ٨٦٠کم بوو، وزەی هەناردنیشی ٨٤٢٠٠ بەرمیل بوو لە رۆژێکدا، بە حوکمی ئەوەی پێویستی جیهان بۆ نەوت بەردەوام لە زیاد بووندا بوو بۆیە بۆڕییەکی تری ١٦ ئینجی خرایە سەر، لە ساڵی ١٩٥٢ بۆڕیەکی ٣٠ ئینجی بۆ زیاد کرا، لە ساڵی ١٩٦١ دوو هێڵی تری ٣٢ ئینجی شان بە شانی هێڵەکانی تر راکێشران.

بێگومان تا ساڵی ١٩٧٧ هێڵی کەرکوك - سوریا تاقە هێڵ بوو کە نەوتی کەرکوکی لێوە ڕەوانە ئەکرا، لەو ساڵە هێڵی نەوتی کەرکوك - تورکیا راکێشرا.

بە هەڵگیرسانی شەڕی ئێران - عێراق کە هەشت ساڵی خایاند سوریا لە شەڕەدا چووە ڕیزی ئێرانەوە دژ بە عێراق، یەکێك لە کارتەکانی فشاریش بۆ سەر عێراق ئەم هێڵە نەوتیە بوو، ئەوەبوو لە بەهاری ساڵی ١٩٨٣ سوریا ئەم هێڵەی راگرت و ئیتر نەوتی لێوە ڕەوانە نەکرا. لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٠دا حکومەتی پێشووی عێراق لە هەوڵێکدا بۆ درز خستنە ناو ئەو ئابلۆقە ئابوریەی نەتەوە یەکگرتوەکان سەپاندبویە سەری لەگەڵ حکومەتی سوریادا ڕێك کەوتن بۆ دووبارە بەکار خستنەوەی ئەم بۆریە نەوتانە، ئەوەبوو جارێکی تر دەست کرایەوە بە ناردنە دەرەوەی نەوت لێوەی بەڵام بە بڕێکی کەم چونکە هێڵەکە لە زۆر شوێنەوە دووچاری داخوران و کون بوون ببوو بە هۆی ئەوەی ماوەی ١٧ ساڵ بوو نەوتی پیا نەڕۆیشتبوو، ئەوەندەی نەبرد جارێکی ناردنی نەوت لەو هێڵەوە راگیرایەوە.

دوابەدوای ڕووخانی رژێمی بەعس حکومەتی عێراق بەرنامەیەکی دارشت بۆ دووبارە بوژانەوەی ئەو هێڵە، هەربۆیە هاتووچۆکردن و ناردنی وەفدی هونەری دەستی پێکرد.

لە ساڵی پاردا ٢٠٠٨ وەزارەتی نەوتی عێراق لەگەڵ کۆمپانیایەکی ڕووسی دا چەند کۆبونەوەیەکی ساز کرد بەمەبەستی نەوژەنکردنەوەی هێڵەکە، ئەوەبوو بۆ ئەم مەبەستە لیژنەیەکی پسپۆر لە کۆمپانیای نەوتی باکوورو کۆمپانیایەکی ڕووسی دەستیان کرد بە لێکۆڵینەوە دواجار رێك کەوتن لەسەر ئەوەی تەنها شوێنە داخوراوەکان چاك بکرێنەوە، ئیتر لەوە بەدوا هیچ هەنگاوێکی تر نەنرا.

لەسەردانەکەی مانگی نیسانی ئەم ساڵی محمد ناجی عەتری سەرەك وەزیرانی سوریا بۆ عێراق دیسانەوە هێڵی نەوتی کەرکوك - سوریا هێنرایەوە سەر باس و دواجار یاداشتێکی لێك گەیشتنیان ئیمزا کرد کە بوارەکانی نەوت و ووزەو بازرگانی گرتەوە عەتری لە میانی کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا ئاماژەی بەوەکرد کە هەر دوولا رێککەوتن لەسەر دووبارە بوژانەوەی ئەو هێڵە نەوتییە. شارەزایان پێیان وایە هێڵی کەرکوك - سوریا پێویستی بەسەر لە نوێ دروست کردنەوە هەیە چونکە ساڵانێکی دوورو درێژە دروست کراوەو هەروەها ماوەی ٢٦ ساڵیشە نەوتی پێدا نەڕۆیشتووەو بە تەواوی داخوراوەو کەڵکی ئەوەی نەماوە نۆژەن بکرێتەوە بەڵکو پێویستی بەسەر لە نوێ راکێشانی بۆری نوێیە.

گومانی تێدا نیە بە دووبارە دروست کردنەوەی ئەم هێڵە سودێکی ئابووری باش بە عێراق دەگەیەنێت، جگە لەوەش تا رادەیەکی باشیش لە ژێر هەندێ گوشاری تورکیاش دەرئەچێتە دەرەوەو ئەبێتە ئەلتەرناتیڤێك بۆ هێڵی نەوتی عێراق تورکیا بۆ هەرکاتێك کە دووچاری وەستان ببێت.




## کەرکوك و داهاتی نەوت

**رێبوار جەباری**

بەبەردەوام لەلای هەموو کەرکوکیەك گەربۆتەنها ساتێکیش بێت بیری لەوەکردۆتەوە ئایا نەوتی کەرکوك نەفرەتە یان نیعمەتە؟ هەزوو بەبێ لێکدانەوە وبیرکردنەوەی قووڵ بەرەی نەفرەتەکەی هەڵبژاردوە بەحوکمی ئەوواقیعە تاڵەی کە تیایدا ژیاوە ، زۆرجاریش ئۆباڵی هەمووسیاسەتی دڕندانەی رژێمی لەپاکتاوی رەگەزی ولەدەرکردن وئاوارەکردنی کوردی کەرکوکی لەزێدی خۆی گەڕاندۆتەوە بۆبوونی ئەونەوتە نەگریسە کەخێرو بێرەکەی بۆحکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی بەغدا دەڕوات ودوکەڵەکەشی کەپوومانی هەراسان کردووە ،بەڵام تەنها دوێنێ ٩ /٦ تیشکێکی ئومێدی بەکەرکوك وئەوشارانە بەخشی کەنەوتی تێدابەرهەم دەهێنن کاتێك ئەنجومەنی وەزیران بڕیارێکی تایبەتی دەرکرد بەوەی لەبری هەر بەرمیلێك نەوتی فرۆشراو نیودۆلاربە ئەوشارانە بدرێت کەنەوت لەشارەکەیان دەردەهێنرێت ،ئەمەش بڕیارێکی دادپەروەرانەیە وگەڕانەوەی مافێکی ڕەوایەبۆدانیشتوانی کەرکوك وئەوشارانەی نەوتی لێدەردەهێنرێت ،هەرچەندە ئەم بڕیارە پێویستە لەلایەن پەرلەمانەوە دەنگی لەسەربدرێت ،ئەوسا شەرعێت وەردەگرێت وپراکتیزە دەکرێت ، رەنگیشە مەبەست لەدەرکردنی بڕیارێکی لەم شێوەیە ئامانجی سیاسی لەپشتەوەبێت وببێتە هەڵمەتی پڕوپاگەندەبۆهەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمانی عێراق ،بەڵام هەربڕیارێك ویاساییەك لەبەرژەوەندی هاوڵاتیان وپرۆژەی خزمەتگوزاری بێت پێویستە بەخۆشحاڵیەوە پێشوازی لێبکرێت وکاربۆهەموارکردنی بکرێت ، بەتایبەتی ئەوبڕیارانەی لەقازانجی شاری کەرکوکە ،ئەم بڕیارەش لەقازانجی هەمووکەرکوکیەکانە بێ جیاوازی نەتەوەوئایین بەکوردوعەرەب وتورکمان وکلدۆ ئاشوورییەوە چونکە وەکو لەلای هەمووان زانراوە سەرچاوەی سەرەکی لەداهاتی نەوتی عێراق شاری کەرکوکە ، کەرکوك ئەوشارەیە کەبەدرێژای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقی نەوتی لێدەردەهێنرێت ودەفرۆشرێت کەچی خەڵکەکەی هێشتا لەخانەی هەژاری ئەژماردەکرێن وپرۆژەی خزمەتگوزارییش وەك پێویست نیە ، رەنگەبەبڕیارێکی لەم جۆرە بتوانرێت ئاستی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری لەکەرکوك باشتربکرێت بۆئەوەی خەڵکەکەی ژیانێکی ئاسوودەوکامەران بژێن .

باچاوەڕوان بین بزانین چارەنووسی ئەوبڕیارەلەپەرلەمان بەچی دەگات؟ ئایا نوێنەرەکانمان دەتوانن گوزارشت لەداواکارییەکانی خەڵك بکەن یان ئەوەندە دەنگی نارەزای ئەوشارانەی کەنەوتی لێدەرناهێنرێت زۆرە دەنگی ئەمان نابیسترێت وپشتگوێ دەخرێت ،یان دەسەڵاتداران وئەوانەی پاڵپشتی چەسپاندنی حوکمی مەرکەزییەتن لەعێراقدا بۆ کۆنترۆڵکردنی داهاتی نەوت بیانوی زۆردەدۆزنەوە لەئەنجامدا ئەم بڕیارە وەك بلقی سەرئاوی لێدێت!

# کلیلی چارەسەرکردنی کێشەکانی عێراق کەرکوکە

**سەمەد چاوشین**

هەموو بەڵگەنامەو دۆکیومێنتەکان کوردستانی بوونی کەرکوکیان سەلماندووە . کەلێرەدا ئاماژە بەچەند دۆکیومێنتێکی مێژوویی دەکەین تەنها بۆبیر خستنەوەی ئەوانەیە کە کەرکوك بەشارێکی کوردستانی نازانن .

★ لە قاموس الاعلامی تورکی دا شمس الدین سامی کەمێژوونوسێکی تورکە بەئاشکرا دەڵێت کەرکوك شارێکی کوردستانی یە .

★ لەمشاهد الالویه العراقیه دا فە همی حەسەن کەنوسەرێکی عەرەبە ئەویش دەڵێت کەرکوك شارێکی کوردستانی یە .

خۆشبەختانە ئەو دوو نوسەرە هیچیان کورد نین بەڵکو تورك و عەرەبن ئەگەر ئەو مێژونوسانە کوردبونایە ئەوا ناحەزان و دڵڕەشان هەزار و یەك بەیت و باڵۆرەیان بۆ ڕێك دەخست . ڕژێمە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق هەر هەمویان ئەو ڕاستی یەیان دەزانی کە کەرکوك کوردستانی یە بەڵام ڕاستی یەکەیان دەخستە ژێر لێوەوە .

لەهەموویان دڕندەتر سەدام حوسێن بوو کەبۆماوەی ٣٥ ساڵ حوکمڕانی عێراقی کرد بەئاگر و ئاسن . زوڵم و زۆرداری و ستەم لەسەردەمی سەدام گەیشتە لوتکە .

یەك ووتەیەکی هەبوو ئەو دڕندەیە دەیوت چاوی چەپمان لەچاوی ڕاستمان ناپاکی بکات دەری دەکەین .. بەڕاستی ووتەکەی خۆی جێ بە جێ کرد هەموومان لەبیرمانە .

★ کەبە پلانێکی شەیتانە ( البکری ) لە ١٦ /٧ /١٩٧٩ لەسەر کورسی حوکم لابرد و لەماڵەوە دەست بەسەری کردو دواتر هەر لەبرسا مرد گۆڕاو گۆڕ چێ .

★ عدنان خیراللە کەخاڵی عودەیی و قوسەی بوو بەپلانێك لەئاسمانەوە ڕەوانەی قولایی دۆزەخی کرد لەساڵی ١٩٨٩ .

★ حسێن کامیل وسەدام کامیل کە ئامۆزای خۆی بون و زاوای خۆی بوون بەڕۆژی نیوەڕۆ لەگەڕەکی( السیدیه ) ی بەغدا سەگ کوژیانی کرد .

ئەمە دەربارەی خزم و کەس و کاری خۆی .

دەربارەی گەلانی عێراق بەگشتی و کورد بەتایبەتی تاوان نەما دژی گەلی کورد ئەنجامی نەدا بۆ نمونە :

★ لەسەر دەمی بەعس ٤٥٠٠ گوند و شارۆچکەی کوردستان خاپور کرا و خەڵکەکەی ئاوارەی هەولێر و سلێمانی و ڕومادی کران .

★ ١٨٢ هەزار مرۆڤی کورد لەژن و مناڵ و پیرو پەککەوتە گۆڕ بزرکران .

★ ٨ هەزار بارزانی بێ سەرو شوێن کران .

★ لەچرکەیەکا ٥ هەزار منالّ و ژنی کوردی لەهەڵەبجە بەغاز خنکێنران .

★ لەسەردەمی بەعسدا بۆ کورد و تورکمان نەبوو ناوی منالّی خۆی بەکوردی و تورکمانی بنێ .

★ سەیارەو خانوو ناکرانە ناو کوردەوە . دەبوو بەناو یەکێکی عەرەبەوەی بکەن .

★ هەر لەپێناو دامرکانەوەی شۆڕشی کورد ، سەدام حسێن پەیمان نامەیەکی مۆرکرد لەگەڵ شای گۆڕ بەگۆڕ کەبەپەیمان نامەی جەزائیر ناسراوە بەپێی ئەو پەیمان نامەیە نیوەی( شط العرب )ی دا بەئێران .

کەئەگەر ڕژێمی بەعس کەمێك بەعەقڵ بیری بکردایەوە کەدانی بەکوردستانی بوونی کەرکوك بنایاو لەگەڵ شۆڕشی کورددا ڕێك بکەوتایە وای بەسەر ناهات .

★ هەرلەسەر کەرکوك بوو کەرژێمی بەعس شەڕێکی ماڵوێرانەی هەڵگیرساند لەگەڵ ئێران کەماوەی ٨ساڵی خایاند نزیکەی ملیۆنێ گەنجی عێراقی شەهید کران و ملیۆنێکی تر پەککەوتە بوون . چونکە ڕژێمی بەعس کەلەساڵی ١٩٧٥ پەیمان نامەی جەزائیری مۆرکرد، لەساڵی ١٩٨٠ یەکلایەنە لەپێش چاوی میدیاکانی جیهان ئەو پەیمان نامەیەی پارچە پارچە کرد و خستیە تەنەکەی زبڵەوە .

★ هەرلەسەر کەرکوك بوو کەشەڕی کەنداوی یەکەم و دووەم ڕوویدا کەسەدام قەرزارێکی زۆربوو ناچار پەلاماری کوەیتی داو لەشەو و ڕۆژێکا دەوڵەتێکی عەرەبی دراوسێی کردە ١٩ یەمین پارێزگا لەعێراق . سەیر لەوەدابوو کەلەگەڵ ئێران بۆماوەی ٨ساڵ جەنگا دەیوت پارێزگاری لە ( ابواب الشرقیه ) نیشتیمانی عەرەب دەکات کەچی هەرخۆی وولاتێکی عەرەبی داگیر کرد ... کەهەر ئەوەش بوو سەری خۆی و حیزبە دڕندەکەی خوارد .

کەدەڵێین کەرکوك کلیلی چارەسەری هەموو کێشەکانی عێراقە . ٣٥ ساڵ حوکمڕانی بەعس دانی بەکوردستانی بوونی کەرکوك نەناو کێشەی کوردی چارەسەر نەکرد بۆیە کەرکوك بووە مارەکەی شێخ هۆمەر و لەگەردنی ئالاّ و دواجار پێوەیدا ... ئەگەر چی سەدام لەپێش چاوی هەموو میدیاکانی جیهان ووتی ئامادەین کەلار و چەمچەماڵ بکەین بەدوو پارێزگا بۆ کورد بەس بەمەرجێ سەرکردایەتی کورد دەست لەکەرکوك هەڵبگرێ . کەئەوە خۆی لەخۆیدا دان پیانانە بەکوردستانی بوونی کەرکوك .

لەمفاوەزاتی ساڵی ١٩٨٤ یش دا دیسانەوە ئامادەبوو دان بەکوردستانی بوونی کەرکوك بنێ بەڵام بەفیتی تورکیا پاشگەزبووەوە ئەمە لەکاتێکدا ڕژێمی بەعس دەیوت سەرکردایەتی کورد عەقڵی بەڕێوەبردنی بەدەست خۆیەوە نی یە و داردەستی وولاّتانی ترە کەچی خۆی بەپلانی ولاّتانی دەوروبەر کێشەی کوردی چارەسەرنەکرد .

ئێستاش : هەر حکومەتێك بیەوێ کێشەکانی عێراق چارەسەربکات دەبێ پێشەکی کێشەی کەرکوك چارەسەر بکات بەوەش گەورەترین کێشەی عێراق چارەسەر دەبێ و چیتر وولاّتانی دەوروبەر ناتوانن دەست لەکاروباری ناوخۆی عێراق وەربدەن ... زۆریش گرنگەسەرکردەکانی عێراق پەندلەسیاسەتەکانی سەرکردەکانی پێشوی عێراق وەربگرن و هەمان سیاسەتی ئەوان پیادەنەکەن .

# گرنگ ناوەرۆکە نەك ژمارە ؟



**شەرەفەدین جەباری**

دیارە هەندێ کەس پرۆسەی ئاسایی کردنەوەی باردۆخی کەرکوك و ناوچەکانی هاوشێوەی بەئەن قەست وابەستە دەکات بەچەند ژمارەیەکی دیاری کراو و لەوەی کە ئەو ژمارانە چەندین برگە لەخۆدەگرێت چاو دەپۆشێت کە لە چاوەروانیدایە بۆ چارەسەرکردنی دەیان کێشە کە کاتێکی زۆر بە سەریدا چووە و مافی زۆرێك لە هاوڵاتیانی تێدا بەنارەوا خوراوە و پێشێل کراوە.

ماددەی سەدو چل یا هەر مادەیەکی دیکەی دەستوری و یاسایی بڕیاری لەسەر درابێت لەلایەن نوێنەرانی گەلەوە پاش ئەوەی کوتلە سیاسیەکان لەسەری رەزامەند بوونە، نامرێت و ناشبێت بمرێت کە چارەسەری تێدایە بۆ کێشەکان و خەڵکێکش هەیە داوای جێبەجێ کردنی دەکات، ئەگەر بەوردیشەوە سەیری ناوەرۆکی مادەی سەد و چل بکەین ئایا چ پێشێلکاری تێدایە بۆ مافی ئەوانی دی جگە لە گەڕانەوەی هەق بۆ خاوەنەکانیان؟

کەواتە چی لەپشت بانگەشە کردنەوە هەیە بۆ لابردنی ئەو مادەیەو سڕینەوەی گەر ئامانج لێی ئەوە نەبێت کە باروو دۆخەکە وەك خۆی بمێنێتەوە بۆ خزمەت کردنی بەرژەوەندی فیئەیەکی نەیار بە پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا .

لە کاتێکدا چەندین بڕگەو بابەت لەدەستووردا هەیە هاوشێوەی ماددەی سەد وچلە داوای لابردنی ناکەن و چاوی لێدەپۆشن، لەبەر ئەوەی لە بەرژەوەندی خۆیان دایە، ئەمەش بۆ خۆی دوو فاقیەکی ڕوون و ئاشکرایە.

هەموو لایەك دەزانن کەماددەی سەد و چل تەنها تایبەت نیە بەکەرکوك بەڵکو بۆ هەر پارێزگایەك و شارێك و گوندێکە کە رووبەرووی سیاسەتەکانی نەژادی و تائیفی بوونەتەوە لەسەر دەستی ڕژێمی فاشی، باشترین بەڵگەش بۆ ئەوە بەبەردەوام داواکردنی جێبەجێ کردنی ئەو ماددە دەستوورییە لەلایەن خەڵکی باشوور بە تێکڕای بەرپرس و عەشائیرەکانیانەوە لەناوچەکانیان کە تووشی وێرانکاری و گۆڕانکاری ئیداری و پاکتاوی مەزهەبی تائیفی بووەتەوە.



ئاماژەکردنیش بە کەرکوك لەدەستووردا جەخت کردنە بۆ قەبارەی ئەو زوڵم و زۆرەی کەتووشی ئەو پارێزگایە بووەتەوە، جگە لەوە ئەلتەرناتیف چیە بۆ ئەو ماددە دەستووریە، ئایا دەکرێت بارودۆخەکە وەك خۆی بمێنێتەوە .... یان بەشێوەیەکی راستر دەکرێت کێشەکانی ئاوارەو هاوردەو گۆڕانە ئیداریەکان و کێشەکانی زەوی و زارە کشتوکاڵیەکان و موڵکە زەوتکراوەکانی کورد و تورکمان ودەیان کێشەی تر بە هەڵپێسدراوی بمێنێتەوە بێ چارە ؟

کێشەی ئاسایی کردنەوەی بارودۆخەکە قەرزێکە لەئەستۆی حکومەت و لایەنە سیاسیەکان هەر دەبێت بدرێت و جێبەجێ بکرێت بۆ ئەوەی ڕێرەوی پرۆسەی سیاسی ڕێچکەی خۆی بگرێت و تووشی تەنگژەو ئاڵۆزی نەبێت و وڵات جێ گیرو ئاشتی تێدا بەرقەرار بێت و کێشەکانیش نابێت کورت بکرێتەوە بەچەند ژمارەیەك چونکە ناوەڕۆك و برگەکان گرنگن.